# خۆئاماده كردن و داكۆكی كردن و خۆپاراستن، بەرەی جەنگێكی ترن لە جۆرێكی تر

كورد ئاید
kurdaid

شەڕێك لە دژی عێراق لەوە دەچێت یەخەی بە ئێمەش گرتبێت !!، بەڵام ئەوەی لەوەش زیاتر سەرسامی كردووین ئەوەیە كەوا خۆپاراستن و خۆئامادە كردنی میللەتی كورد لەدژی ئەگەری هێرشێك بە چەكی كیمیاوی لە پرۆگرامی هیچ كەسێكدا نابینرێت لەهیچ لایەنێكەوە.

ئەوەی بەڕوونی دەبینرێت ئەوەیە كەوا كوردەكانی كوردستانی عێراق لە ئەگەری ڕوودانی هێرشێكی بكوژ بەچەكی كیمیاوی بۆ سەر ناوچەكە لەلایەن دەسەڵاتی عیراقیەوە هاوزەمان ئەگەر ئەمەریكا هێرشی چەكدار بۆ سەر عیراق بە ئەنجام بگەیەنێت دەترسن. مەترسی گەلی كوردیش لەو میانەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەكی نزیك كاتێ ڕژێمی عیراقی ساڵی 1988 هێرشێكی بەر فراوانی بە چەكی كیمیاوی بۆسەر خەڵكی بێ تاوان و سیڤیلی چەندین ناوچەی كوردستان بە ئەنجام گەیاند و لە ئاكامدا تەنها لە ناو شاری هەڵەبجەدا زیاد لە 5000 كوژراوی لێ كەوتەوە جگە لە ناوچەكانی تر و ئاوارە بوون و سە گەردانی هەزارانی تر.

بۆیە دەبینین بە هەر هۆ و بەهانەیەك بووبێت هەمیشە ناوچە كوردستانیەكان جێگەی هەڕەشە و مەترسی بووە لە لایەن ڕژێمی عیراقیەوە بە درێژایی مێژوو. هەر لە بەر ئەو مەترسیانە و گەلێ هۆی تر ئێمە وەكو كۆمەڵێ ژنی دانیشتووی هۆڵەندا هەستاین بە ڕێكخستنی كۆمیتەیەك بۆ وەدەست هێنانی یارمەتی و پشتگیری لە سەر ئاستە جیاجیاكان بۆ میللەتی كورد لەناو كوردستانی عیراقدا بە تایبەت لەم كاتەدا كە بەڕوونی دیارە هیچ ئامادە باشیەك بەڕێوە ناچێت بەمەبەستی ئامادە كردن و پاراستنی خەڵكی سیڤیل لە دژی هەر هێرشێك بە چەكی كیمیایی لە لایەن ڕژێمی عیراقیەوە. . جگە لەوەی حكومەتی كوردی لە ناوچەكەدا هیچ جۆرە پەیمانێكی كۆنكرێتی لە لایەن ئەمەریكیەكانەوە بەدەست نەهێناوە بۆ پاراستنی ناوچەكە لە دژی هەر هێرشێكی چاوەڕوانكراو لە لایەن ڕژێمی عیراقیەوە. .

هەروەك هەموو ئاگادارین چۆن وڵاتانی ناوچەكە سەگەرمی خۆسازدان و ئامادە كردنن لە دژی هەر هێرشێكی چاوەڕوانكراو و چاوەڕوان نەكراو لەسەر هەموو ئاستەكان لە لایەن ڕژێمی عیراقیەوە. . بۆ نمونە ئیسرائیل، كوێت، ئوردن. . . هتد. و لەو میانەیەدا میللەتەكانیان بە هەموو شێوەیەك ئاگادار كردۆتەوە لە مەترسیەكانی هێرشێكی لەو جۆرە بە چەكی كیمیاوی. .

ئەوەی جێی داخێكی گرانە ئەوەیە كەوا لە سەر ئاستی كوردستانی عیراق كە بەشی هەرە زۆری مەترسیەكان دیگرێتەوە هیچ پرۆسەیەك لەو جۆرە بەڕێوە نەچووە. وەك خۆ ئامادە كردنی هاوڵاتیەكان بۆ بەرەنگاربوونەوە و خۆ پاراستن لە كاتی هەر دەست درێژیەك بە چەكی كیمیایی و بایۆلۆژی لە لایەن ڕژێمی عیراقیەوە. .

ئێمە لێرەدا داوا لەو وڵاتانە دەكەین كە هۆڵەنداش یەكێكە لەوان و پشتگیری لە هەڵگیرسانی شەڕ دەكەن لە دژی عیراق، هەوڵ بدەن خۆیان ئامادە بكەن هەموو جۆرە یارمەتی و پارێزگاریەك بۆ میللەتی كورد لەو ناوچەیەدا دابین بكەن بە هەموو توناكانیەوە لە دژی هر هێرشێك بە چەكی كیمیاوی بە چەك و گازی كیمیاوی و بایۆلۆژی. .

بۆیە ئێمە داواكاریەكانی خۆمان لەم خاڵانەی خوارەوە كۆ دەكەینەوە :. .

- جل و بەرگی تایبەت بە خۆپاراستن لە چەكی كیمیاوی و بایۆلۆژی. .
- ماسك و كەرەسەی تایبەت بە گازی كیمیاوی. .
- زەرفی نایلۆنی تایبەت بە پاراستنی دەست و قاچ. .

- هەڵمەتەکانی ئاگادار کردنەوە و دابین کردنی هۆکانی روون کردنەوە بۆ چۆنێتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو کەل و پەل و کەرەسەکانی لە سەرەوە ناوبراون و چی بکرێت لە کاتی رووداني هێرشەکەدا. .
- دەرمان و کەرەسەی پزیشکی پێویست بۆ چارەسەر کردن لە کاتی بەرکەوتندا. .

کۆمیتەی کوردئاید کۆمیتەیەکە بۆ پاراستنی میللەتی کورد لە کوردستانی عێراق و بە هەوڵ و کۆششی کۆمەڵێك لە ژنی کوردی دانیشتووی هۆڵەندا دامەزراوە. .

بۆ زیاتر زانیاری دەتوانن پەیوەندی ببەستن لەگەڵ :

خاتوو **سەرگوڵ ساڵح**، بە ژمارە تەلەفۆنی 0031 .615 .244 .307

یان لە رێی ئیمایڵی کۆمیتەکەوە comitekurdaid@hotmail. com

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003